# سەروتاری ڕۆژنامەی Turkish Daily Newsلە ٢٠٠٣/٤/٢٩

# دانوستان دەگەڵ کوردەکانی عیراقیٚ پیٚویستە

نووسینی: ئیلنور جەڤیك
وەرگیڕانی: تاهیر تەیب

- پێویستە ئەنکەرا ئەوڕاستی یە ببینیٚ و هەستیش پیٚ بکا کە کوردە عیراقی یەکان نەیاری ئێمە نینە، بەڵکو دۆستو هاوپیشەی ئێمەنە.

لەمێژە ئێمە ئەو ڕاستی یە جەخت دەکەینەوەو لە سەروتارەکانماندا دەنووسین کە:- پێویستە ئەنکەرا بایەخێکی پتر بداتە بەرپاکردنی میکانیزمێکی جیدی بۆ ئەوەی دانوستان دەگەڵ کوردە عیراقی یەکاندا بکات و ئەم دانوستانە دەبیٚ لەسەر بنەمای دۆستایەتی و هاوپیشەیی یەوە بێت.

کوردە عیراقی یەکان خزمی کوردەکانی ئێمەنەو بۆیە ئێمە لەمیانی پرۆسەی چاودێری باکووردا دەمانپاراستن. ئێستاش ئەوان وەکوو هەموو عیراقی یەکانی دیکە ئازادن. بۆیە کاتی ئەوە هاتووە، لە بارو دۆخی ئێستای عیراقی دوای سەددام حوسێن، بە جیدی بیر لە پەیدا کردنی پەیوەندی یەکی توندتر دەگەڵیاندا بکەینەوە.

پێویستە ئەنکەرا پتر یارمەتیدەرو ئاسانکاری کێشەکانی خەڵکی باکووری عیراق بێت. یارمەتی کوردەکان و تورکمانەکان و ئاشووری یەکان و تەنانەت هی عارەبەکانیش بدات. بەلاٚم ئەوەی دەیبینین ئەوەیە کە ئەنکەرا تەنیا گلاوەتە نێو یارمەتی دانی گۆلێك handful تورکمان لە باکوورو تەنانەت ڕاستی قەوارەی ئەو تورکمانانەشی لەبیر چووە کە ناوچەکە چەند دەبن.

جەلال تالەبانی داوای لە ئەنکەرا کرد تا بەرپرسێکی وەزارەتی دەرەوەی، لە میانی شەڕەکەدا، بۆ سلێمانی بنێرێت بۆ ئەوەی بەڕێوەبەرایەتی یەکەی بتوانیٚ یارمەتی ڕاستەوخۆ دەربارەی گۆڕانکارییەکان و بەپێی ڕێسایەکی سادەوە بداتە ئەنکەرا. ئەم بەرپرسە هەرگیز نەنێردرا.

ئێستاش مەسعود بارزانی، لەکاتی ڕۆیشتنی بۆ بەغدا بۆ ئامادەبوونی کۆبوونەوەی گەورە عیراقی یەکان کە بەسەرۆکایەتی جەی گارنەر لەبەغدا دەکریٚ، نامەیەکی زۆر دۆستانەی ئاراستەی عبداللە گولی وەزیری دەرەوە کردووە. دووبارە کاك مەسعود گەلاٚی زەیتوون بۆمان ڕەوانە دەکات و سوپاسی حکومەت و گەلی تورکیا دەکات بۆ ئەو یارمەتی یەی ١٢ ساڵە دەیداتە کوردەکان و لە ڕکی سەددام حوسێنیان دەپاریٚزیٚ.

بارزانی بە گولی گوت کە هەموو توانەیەکی خۆی بۆ ئەوە تەرخان دەکات تا عیراقێکی دیموکراتی فیدراڵی بێتە کایەوە کە لەو عیراقە هەموو هاوولاٚتی یەك یەکسان بێت و ڕەنگە لە بەڕێوەبەریشدا پشکداری بکات.

بارزانی جەختیکردەوە کە کوردو تورکەکان دۆستو هاوخەمی یەکترن سوپاسی تورکیاشی، بەرانبەر بەهەموو یارمەتییەکانی کە داویەتیە کوردان، کرد. گوتیشی کە دەیەوێ لەئایندەدا هێشتا پەیوەندی دەگەڵ ترکیادا توندتر بکات.

گەلێ قسە لەدژی تالەبانی و بارزانی لەتورکیادا کراوە، بەلاّم هێشتا لەبەرانیەر ئەمەدا ئەم دوو زاتە دەستی دۆستایەتی بۆ تورکیا درێژ دەکەن. با هیچ کەس سەرچیغ نەچێ و هەڵە نەکات و بزانن کە قسەی هەرە سەرەکی دەربارەی پێکهێنانی عیراق و چۆنیەتی بەڕێوە بردنی هی ئەم دوو سەرکردەیەیە. کاتی ئەوەیە کە هەندێ کەس، لەئەنکەرا، هەواگەری خۆیان پشتگوێ بخەن بە شێوەیەکی واقعی بیربکەنەوە.

بەڕاستی ئەستەمە بزانین بۆچی ئەنکەرا لەمیانی شەڕەکەدا نەیتوانی میکانیزمێکی واتابەخش پەیدابکات بۆ دانوستانکردن دەگەڵ کوردەعیراقی یەکانداو لەم بارەیەوە هەرەسی هێنا. بەلاّم بەلای کەمیەوە ئەنکەرا توانی بنکە داتەپیوەکە چاك بکاتەوەو دەستی پێکردووە لەسەر بنچینە تازەکانی لەعیراقدا هاتنە کایەوە، ئەم خەڵکانە بە دۆست و هاوپیشە دەناسێ و دانوستانێکی واتابەخشیان دەگەڵیاندا دەست پێ بکات.

ئەنکەرا لەڕابردوودا ئەشکەنجەی ئەم گەلەی داوەو بەمەش هەموومان دۆڕاندمان. ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە کە خەڵکی هەڵەکان ببینن و ڕاستیان بکەنەوە.

با ئەو ە لەبیرە خۆمان نەبەینەوە ئەو ڕۆژانە بەسەرچوون کەخەڵك دەهاتن و لەبەرمان دەناورانەوە. ئێستا کاتی هاوپیشەیی و هاوکاری کردنە.